# حوکمی خاچ

(شێعر)

م.ئاران

١٣٩٧

سرشناسه: اسماعیل‌نژاد، محمد، ۱۳۶۰.
عنوان و نام پدیدآور: حوکمی خاچ: شێعر/ م. ئاران.
مشخصات نشر: سقز: خانی ، ۱۳۹۷.
مشخصات ظاهری: ۸۴ ص.؛ ۲۱ × ۱۳س‌م.
شابک: ۹-۶-۹۹۲۳۲-۶۲۲-۹۷۸
وضعیت فهرست‌نویسی: فیپا
یادداشت: کردی.
موضوع: شعر کردی- قرن۱۴
موضوع: **kurdish poetry-20th Century**
رده بندی کنگره: ۱۳۹۷ ۴۷۶۵الف ۷۴۳س/ PIR۳۲۵۶
رده بندی دیویی: ۹/۲۱فا۸
شماره کتابشناسی ملی: ۵۲۱۳۵۰۹

**حوکمی خاچ**
محەممەد ئیسماعیل‌نەژاد (م. ئاران)
بابەت: شێعر
ژمارەی چاپ: یەکەم
تیراژ : ۵۰۰ بەرگ
شابەک: ۹-۶-۹۹۲۳۲-۶۲۲-۹۷۸
دەزگای چاپ: خانی
پەڕبەندی: ئومید موقەددەس
ڕووبەرگ: ئەسرین کاکی
ساڵی چاپ : ۱۳۹۷ی هەتاوی

سەقز، مەیدانی هەڵۆ، چاپەمەنی خانی، کتێبفرۆشی هونەر و ئەندیشە
پێوەندی: 00989187771585
**www.kurdbook.ir**

# بەشی یەکەم:

# چوارێنەکانی ئاران

(1)

لــــەم مۆتەکەیــــەی نــــاوی ژیانــــە وەڕەزم
لــەم مۆخەچنــەی دوژمنـــی گیانــە وەڕەزم
مـــەیگێڕ وەرە لـــەم گێـــژەوە ڕزگـــارم کـــە
لـەم هەسـت و هەناسـەی تـژی ژانـە وەڕەزم

(2)

جـوانی کـە ببینـی گـەش و ڕووناکـە ژیـان
بێ یار و ئـەوین چـەن سـڕ و سـامناکە ژیـان
ئەو ڕۆژە ڕنووی نـەبوونی تـۆی بـێ بەسـەرا
وەک کۆڵبەری بەر هەرەس چ هیلاکە ژیان!

(3)

تــا هێنــدە ســەرم نەنێمــە ســەر شــانی شــێو

بــمبینــەوە وێڵــم مەکــە بــێ خــاوەن و خێــو

ئەی ئەشق! ئەگەر ئاوێنە نەبی بـۆ دڵـی مـن

ڕۆژگــارم هــەموو ڕادەبــرێ مــات و پەشــێو!

(4)

تــۆم هێــزی بکێشــی دڵ و ناوەنــدی ژیــان

مـــن چرکـــەژمێری بەپەلـــە و نـــامیزان

تا وەرزی بـزەی سـەوزی ئـەتۆ بێنمـە پـێش

ناشتوومە نەمامی حەز و کوشتوومە زەمـان

(5)

نا ژین نەبوو هەر حەسرەت و چەوسانەوە بوو
بـۆ نـان و حـەیا، ئازیـەت و گلدانـەوە بـوو
هێنـدەم لـە ژیـان چەشـتووە تـامی تـاڵی
لێـرە و لـەوێ ترسـم لـە هەڵسـتانەوە بـوو

(6)

بـێ، دەسـتی دڵـم بگـرە هـەتا لێـرە بـڕۆین
لـەم کۆنەکـەلاوەی کـە بـەبێ خێـرە بـڕۆین
هەر چەنـدە کـە زۆر دوورە، دەراوی خۆشـی
لـەم شـارە خراتـر نییـە هـەر، بێـرە بـڕۆین!

(7)

چــاوجوانیٚ! بــەرەو ژینــەوە پــیٚ دابگــرە
چوارێنــەی ئەوینــداری بــە بــاڵا بگــرە
بــیٚ شــەوقی ئەشــق نووتەکــە یانــەی هیــوا
ئــەم تیشــک و بڵێســەیە بــەرز ڕابگــرە

(8)

من ڕۆیشــتم و تــۆ تــازە لــە ئــەلفی ڕیٚ دای!
تووشخانەیەکە و تۆشی بە تووتووش تیٚدای!
دوایــین قســەی ئــەم دڵــە هــەتیوەم ئەمەیــە:
بمبــوورە کــەوا زەحمــەتی بــوونم پــیٚ دای!

**(9)**

بەردەرکی خـەیاڵی شـەو و ڕۆژ گرتـووە لـێم
ڕێی هاتن و چوونی نەفەسـی بەسـتووە لـێم
زۆر چـەل غـەزەلی مـەیلی بڕیـوە بـە دڵـم
چوارێنـە ئـەوینی ئەبـەدی ویسـتووە لـێم

**(10)**

بەخشیومە ئەوەی هەستمی سەدجار ڕووشاند
یـا شـێعری ئـەوینی لـە ژیـانم شـەمزاند
تـاوانی ئـەتۆ گەورەیـە لێـی نـابوورم
تـۆ ڕووحـی بـزەی شـاعیری ئـاوت شـێواند

(11)

تۆی وەرزی بزە و ساڵی بە بارانی دڵم
تۆی سۆز و کزەی ویست و حەزی جوانی دڵم
تۆی تاقە مەلی بەرزەفڕی بانی نیگام
هەڵبفڕە هەتاهەتا لە ئاسمانی دڵم

(12)

خوێن‌شیرنی شێوەیەک لە کرداری تۆ
باران نمەیەک لە ڕەنگی ساکاری تۆ
بێوێنەترین وێنە لە خەندە و لە سبەی؛
جوانی، وشەیەک لە شێعری ڕوخساری تۆ

**(13)**

تــۆ بێــژی خــەون نــەبین و خــەومان نــەزڕێت؟
دەستنووسی کەسـێک نــەبین بمانگــەچڵێنێت؟
چـــەن تاڵـــە ئەگـــەر دەرکـــەوێ ڕۆژێ بۆمـــان
بووبووینە وشەی خاوی گەمەی شاعیرێ شێت!

**(14)**

گــەر نـــان و درۆ پێخـــۆری مـــن بوایـــەت و تـــۆ
زۆر تێر و تەسەڵ دەبووین بەبێ سوحبەت و سـۆ
جـا بۆیەیـە بۆڵـــەی زگمـــان دێ، کــە دەخـــۆین
هەر بادی هــەوا و دەسـبەجێ پێــی دێینــەوە گـۆ!

(15)

بۆ سەردەشت:

مــردن دەگــەڕێ بــە نــاو ڕەگــی هەســتمدا
یــا تــەرمی منداڵییــە لەســەر دەســتمدا؟
بۆی سێوی گوناحی ڕۆژی حەوتـەم یـا خـۆ؛
پــڕژاوە بــە مێشــک و دڵــی هەڵبەســتمدا !

(16)

کۆتــایی لــەبۆ نییــە و ئــەوینی نــاوە
تاســەی کەســێ لــەم ڕێگەیــەدا نەشــکاوە
بــەو بێخەبــەرە بڵــێن: مەگــەر تــا ئــەمڕۆ
چەن جـار سـەری ئاسـمان بـە قـوڕ گیـراوە!

(17)

پردێـک نـەبوو هەڵبەسـتێ سـروودی دیـدار
ڕێیــەک نــەبوو بــڕوا لەبــەر ئــێش و ئــازار
زۆر ساڵ و هەناسـە و هـەلی عـومری لاویـم
مـەودا بـڕی، داخەکـەم! بـە دەسـتی زۆردار

(18)

ئـەم حیکمەتـە زانسـتی وەکـوو تـاجی دوڕە
زانـاش سـەری لـەم باسـە چمـا کـاس و وڕە
باسـی خـەم و خۆشـی نییـە یـا دژبـەر و دژ
دنیـا کـە پـڕە، بەتاڵـە! خـاڵی بـێ، پـڕە!

(19)

بـەحرێکی بـەرین و بـێ پـەڕ و بێ بـن بـوو
بێوێنــەترین خــەون و خــەیاڵی مــن بــوو
ئەستێرە ئەوینی هـەموو عـومرم بـوو ژیـن؛
حـەیفێکی لـە پێچـی هەڵـەدا لـێم ون بـوو!

(20)

تــۆ یۆســفی کەوتوویەتــە چــاڵی مێــژوو
دەرنایــەوە پــێم وا بــێ ئیتــر ئــاوا زوو
بــۆ خــواردنی تــۆ کــەڵپ و ددانیــان گــردە
ســەرپاکی براکانــت ئــەوا گــورگن هــەموو

**(21)**

ئۆخـــەی ئـــەوە مـــن دەڕۆم و ناتـــانبینم
هەڵناچـــەقیٚ چـــاوم لـــە گـــەناوی ژیـــنم
ئۆخەی کـە لـە تـاریکی ڕەهـای نێـو گـۆڕدا
ســووکبارم و بـێ منــەت لـە قـار و قیــنم!

**(22)**

ڕێی بەستووە لێم نەک نەتەوی، کوردی خۆم!
ئێــژیٚ کــە: کــڵاش نــابیٚ بکــا بۆخــۆی، دۆم!
خزمینــە، بــە گــڵ، دەرکــی حــەیام لــیٚ بگــرن
بــیٚ مــافی جیهــان، بۆتــە دژی ڕێفرانــدۆم!

(23)

پێی خۆش بوو کە گەورە بوو؛ بگۆڕێ دنیا
جێگەی شەڕ و ڕق بدا بە ئاشتی تەنیا
ئێستاکە ئەویش وەها لە خۆی گۆڕاوە
هەر ڕۆژێ دەگۆڕێ دڵ بە سەد ڕەنگ و ڕیا

(24)

مەنشووری هەزار ڕەنگە لە ڕەنگ ئاڵاوە
جێی بوونەوەری نەناس و هەم ناسراوە
چاوت کە ببەستی کپ و تاریکانە
هەستت کە وەگەڕ بخەی ژیان پشکواوە

**(25)**

هــــاوارم و قورســـــایی ڕکــــەم لــــێ بــــارە
بێــــدارم و ئاســــۆیەکی نــــوێم لــــێ دیــــارە
تــــا ئــــەو دەمــــە ڕووحــــم دەڕەوێنــــێ مــــردن
بــــۆ ژینــــی بــــە ئــــازادی پشــــووم ڕێبــــوارە

**(26)**

سەرمەست و بەتاسە نەوەکوو مات و زیز
وەک بیرەوەری کەسێکی یەگجار ئازیز
تەپ تەپ، تەڕ و بارانی لە ڕێی دوور و درێژ
وا هات و کوتای دەرکی دڵی من؛ پاییز!

(27)

پێت خۆشە بزانی هەموو مێژووی گەلی کورد
مەیخوێنەوە دیرۆکی لە دەسچووی گەلی کورد
بێ، تاکوو بزانی چۆن دەبێ کوشتنی خاک
بۆ نیوەشەوێک بیدە بە جاشووی گەلی کورد

(28)

تۆ تاجی شکۆ و شەرافەتی بۆ بنێ سەر
ئازادی بکە و لێی گەڕێ تا بێتەوە بەر
چون کۆیلەیە؛ ڕووحی بە سەرهەڵدان نامۆ
خاک و گەلی دەفرۆشێ وەکوو توور و کەوەر

**(29)**

نـاکۆکم و دوژمن دەپەرەستم دژی خۆ
خاکم دەفرۆشم بە بەڵێنێکی درۆ
وا شوان و سەگم هاتنەوە وێکڕا دیسان
ئەمما گەل و بەرژەوەندی، بۆم نابنەوە کۆ

**(30)**

من دیلی دەسی شەوێکی بێکۆتاییم
هاکا لە کزی بدا هەموو بیناییم
ئەو دوو چڵە تیشکەی کە زەمان پێی دابووم
کەوتوونەتە لەرزە بە کزەی تەنیاییم

**(31)**

**ماندوو و شەکەتی ڕۆژ و شەوی ڕێگەی دوور**
**ناسیاوی خەم و حەسرەت و فرمێسکی سوور**
**چەندین سەدەیە کۆڵبەرە لەم ناوچەیەدا**
**ئاوارەیەکە و بە کۆڵیدا داوە: سنوور!**

**(32)**

**نازانی چلۆن دەستی بڕیم، شەقڵی سنوور؟**
**بۆ ناوی بەسەردا دەبڕیم، شەقڵی سنوور؟**
**وەک خاچێ لە چوار لاوە لە بەژنم ئاڵا**
**تەختی دڵ و خاکی هەڵدڕیم، شەقڵی سنوور**

(33)

ئەو خەڵکە لە شەمس و مەولەوی کەمتر نین؛
ئاوات بوو کە بۆیان بە نەخۆشینەوە ژین!
لەم چاخە گرانبارە، سڵامەت خواستن
هاوتایە لەگەڵ ئەوپەڕی خواوەندناسین!

(34)

زامم، کە بە هەر زمانێ زووراوەتەوە
دەردم، کە بە هەر دەوایێ بووراوەتەوە
شینم کە بە هیچ باوەشێ نابێتەوە ژیر
ژانم کە بە ژینێکەوە دووراوەتەوە

(35)

ئـــاواتی دڵـــی؛ حەوانـــەوەی گشـــتی بـــوو
هاوڕێیـــەتی، خۆشەویســـتی، هاوپشـــتی بـــوو
کـــاتێ دڵ و دەســـتی دیتـــی پێـــک ناســـازێن
زانـــی کـــە مـــەزنترین درۆ: ئاشـــتی بـــوو!

(36)

تـــا مـــاف و وڵاتـــت نـــەبێ هـــەر دەربـــەدەری!
بێ خاک و زمان ماوی کە بـێ چارەسـەری!
تاکـــەی ئـــەرێ نیشـــتمانم هـــەر چاولەبـــەری؟
پێناسەیەکی کورتە لـەبۆت؛ کۆڵـــــبەری!

(37)

هـــەرچی هەیـــە تـــاوانی نەیارانـــە و بـــەس
فیتـــی عـــەرەب و عەجـەم، تەتارانـە و بـەس
گەر لەتلەتە ئەم خاکە خەتای خۆی نییە خـۆ
بێگانەپەرەسـتی مـۆری دەورانـە و بـەس!!!

(38)

گوێت باخنە لەم دەنگ و هەرا و حاو و حووە
تا ئێستە کەسـێ بـەدووی چووانـدا نـەچووە
هــەرچی هەیـە تـاوانی سـنوورە و دوژمـن؛
وەبزانە کە ئەم کوردە هەڵـەی قـەت نـەبووە!

(39)

پێــــی وا هونـــەرە کەوتنـــە کەنـــدی ئـــایین
چاوبەســتە لــە گــوێ گرتنــی پەنــدی ئــایین
هـــەر کۆیلەیـــە ئینســـان و لـــە تاریکیـــدا
ڕزگـــاری هـــەتا نـــەیێ لـــە بەنـــدی ئـــایین!

(40)

ئاشتی لە خەفـەت، سـەری لـە کێوانـدا بـوو
تـــەنیایی ملـــی لـــە بـــادەپێوان نـــابوو
لـــەم جەنگەڵـــەدا، مـــرۆ مـــرۆی هەڵـــدەدڕی
خـــوێن و ڕک و تۆڵـــەیان لەنێوانـــدا بـــوو!

**(41)**

هـــاوارم و ڕووحـــم لـــە ڕکـــە بێـــزارە
ڕێبـــوارم و ئاســـۆیەکی نـــوێم لـــێ دیـــارە
هــاتووم و دەبـــێ مـــەرگ بـــە چۆکـــدا بێـــنم
بـــۆ ژینـــی بـــە ئـــازادی پشـــووم ناچـــارە

**(42)**

پـێم گـوت: دڵەکـەم شـێت و پەرێشـانە لـەبۆت
دەیگوت: دڵی چی؟ لێم گەڕێ سا تۆ سەری خۆت!
هـەر ئـەو دڵـە پیسـەی وەکـوو پێسـتەی گایـە؟
پـاکی کـەوە، پینـەی بکـە جـا بیکـە بـە کـۆت!

(43)

کــاروانی ژیــان، دیمــەنی تــەرزی ئێــوە
بــارانی ئــەوین، ڕێژەنــی وەرزی ئێــوە
پێشــمەرگە بوێرەکــانی ڕوونــاکی لەبــەر
ئەفســانە، ورە و بــاوەڕی بــەرزی ئێــوە!

(44)

بۆ خەونی وڵات، خوشک و برا؛ پێشـمەرگە
بـۆ مـافی ڕەوا، چـاوگ و چـرا؛ پێشـمەرگە
پــارێزەری ئــازادی گــەلێکی ســەربەرز
پشــتگیری ژیــان، نــاوی نــرا: پێشــمەرگە!

**(45)**

چوارێنە_غەزەلبازییە تێی ڕامێنە
بۆو خەون و خەیاڵەیە دڵم بەخوێنە
ئاوێنەی ئەوین و ئاوەدانی ئێمە؛
چوارێکە کە بێوێنەیە بۆ یەک وێنە!

**(46)**

وا دوژمنی زۆڵ بە سادەییتان دەخەنێ
بێ قرمەیەکیش قودس و دڵی خۆی دەدەنێ
ئەم کوردە هەتا کەی لە خەوی غەفڵەتدا؟
دنیا وەخەبەر هاتووە، کەی ڕادەچەنێ!؟

(47)

ڕۆژێکــی لەبــەر دەمــی قــەڵای کەرکووکــدا
وەک خــەون و بەســەرهاتێ لــەناو پەڕتووکــدا
هــاوار دەکــەم و پــڕ بــە گــەروو دەچــڕێنم:
چۆن نیوەشەوێک، شارو بە پارەی ســووک دا؟

(48)

خــەم بۆتــە خــەیاڵ و خــەو و هــەم خــۆراکم
شــەو بۆتــە جــل و پۆشــەن و هــەم پیتــاکم
نەک هەر دڵەکەی خۆم هەموو خەڵکی دەیڵـێن:
ئــەو بۆتــە کــەس و کــار و بــرا و هــەم داکــم

(49)

خــەم چۆتــە کڵێشــە و کەلــەوای ئیمــانم

خــەو نۆتــە لــەبۆ خــەون و خــەیاڵی گیــانم

شــەو کۆتــە لــەدەوری دڵــی وێــڵ ئــاڵاوە

ئــەو بۆتــە کــەس و کــار و هــەم ئــاو و نــانم

(50)

وا چەن شەوە بەو شەرمەوە هەر تواومەتــەوە

خۆگــەزم و بــە ئــەو زامــەوە پێچراومەتــەوە

کــورد بیــت و وڵاتەکــەت بــە دژ بفرۆشــی

هــەرچێکی هــەبووم بــەجارێ هێناومەتــەوە

(51)

سەد مەکتەبی بۆ دانێ هەزاران دەفتەر
فێری ئەدەبی بکە بە سەد دەردی سەر
هەر دەچتەوە سەر خوێن و خدەی باوکی خۆی
ئەم جاشکی شەستوشەش و ئەو هەر کوڕی کەر!

(52)

باوکیان لەوە پیستر بوو بە خوێن و دڵ و گۆشت
تا مرد شەو و ڕۆژ ئێسکی حەڵەبچەی دەکرۆشت
هێشتاکوو نەپشکووتبوو خۆری خۆشی
ئەو نابنەماڵە، کوردیان پاکی فرۆشت!

(53)

ئـــازادی وەبیـــر ســـنوور دەهێنێتـــەوە تـــا ...
ئازایـــەتی ڕیشـــە و ڕەگـــی داکوتێتـــەوە تـــا ...
بـۆ ژینـە وەپـێش مـەرگ و نـەمان کـەوتووە ئـەو
دنیـــای کـــەڕ و بێهـــۆش وەخەبـــەر بێتـــەوە تـــا

(54)

هەروا بە قسـەی خۆشـەوە خـورت و هێـدی
خۆی خستە هـەناوم کـە کـزەی زۆر لـێ دی
بێخـــاوەن و ئـــاوارە چ بێکـــەس مـــابووم
غـــەم هـــات و دڵـــی کردمـــە مـــاڵ و زێـــدی!

**(55)**

چاندیانــەوە دیســانەکە تــووی دووبــەرەکی
کردیانـــەوە دەرکـــە بـــۆ دزانـــی دەرەکـــی
خستیانەوە بن دەستی نـەیار، خـاک و وڵات
هــەر دوو دەســەڵاتی ســەرەتانی ســەرەکی!

**(56)**

کارم شەو و ڕۆژ بۆتــە: بــەخێو کردنــی خــەم
تا یەک دەبێ گەورە، یەکی تر دەگرێ یەخــەم
کــەرکووک کــە منــاڵی حــەزی کــۆنی دڵمــە
هەرگیز نە بەجێم دێڵێ نــە مــن وێڵــی دەکــەم

(57)

دەریـــا نمەیێکـــە لـــە کەنارتاندایـــە

لووتکـــە بزەیێکـــە لـــە بنارتاندایـــە

ئـازادی کـە بـڕوای مەیـە، ئـەی پێشـمەرگە!

ڕێگایەکـــە زینـــدوو لـــە دەمارتاندایـــە

(58)

داوای دڵ و دڵـداری دەکـەن لێـت و بـەڵام ...

دەیڵێنەوە دەرسی حەز و هەست پێت و بـەڵام...

کـوا شـین دەبـێ لـەم قـاقڕەدا ئەشـقێک، تـا

هـەر ڕسـتەیێ دوایـی بـە ئەگـەر بێـت و بـەڵام!

(59)

هۆ قەقنەسی پیر، دایکی جگەرسووتاوم!
خواوەندی شکۆ و غیرەتی کوڕکوژراوم!
گڕ بەر مەدە جەستەت کە شەڵاڵی شەڕەفە
تۆم پشت و پەنای بۆیە لەسەر پێ ماوم

(60)

باشوورم و ڕووحم کڕ و سەرگەردانە
کەرکوکێ کە دابڕاو لە کوردوستانە
نەوتم؛ ڕەش و ڕووت کە هەڵدەچێ و هەڵدەخڕێ
بۆ مووچە، بەشی خۆم لە وڵات هەرزانە!

(61)

وەک پنجەخەمێ ڕواوە لە ڕوخساری زەوی
بێدەنگ و هەرا بۆتە بەڵا و باری زەوی
چوارێنەیە بۆ غەزەل دڵی غەمگینە
وەک خاچە لەسەر سینگی برینداری زەوی

(62)

ژن، تێکەڵەیەک لە ئێش و ئازار و دەرد
ژن، ئاڵقەیە بۆ دەست و دڵی پیاوی مەرد
ئادەم لە بەهەشت بە ناز و نیعمەت دەژیا
ژن هات و جەهەنەمی لەگەڵ خۆی هاوەرد

(63)

ژن، مەڵهـــەم و هەتوانـــە لـــەبۆ زام و بـــرین
ژن، تیشکی ئەوین و شەمی شەوگاری ژیـن
حەووایـــەکی هـــاودەم کـــە نـــەبا بابـــادەم
دنیا هـەموو دار و بـەرد دەبـوو ڕژد و بـەرین

(64)

بۆ عوسمان بایدەمیر:

هەر پەنجەیەکت پەنجەرەیەک ڕوو بە هـەتاو
دەسـتێکی ئـەتۆ مـاڵی گـەلێ خـەونی ڕواو
کوا؟کامەیـە لـەم نەقشـەیەدا کوردسـتان؟
ئامـاژەیی دەسـتت بەسـە بـۆ شـێعری تـەواو

(65)

هەرچەندە کە ساواقی زەمەن ماویەتی سـۆز
گەرچی پەڕی هەرچی گوڵە گرتوویەتی تـۆز
ســاڵ تــازە نییــە ڕاســتە کـە ئــازاد نــەبێ دڵ
پیـرۆز بــێ بــەڵام بەگشــتی لێتــان نــەورۆز

(66)

هــەر کــەس لــە پەلێکــەوە پــەلم دەپســێنێ
لــەم زیندەخــەوە بــە تیــغ هــەڵم دەســتێنێ
وەک داری برینـــدار و شـــکاوی ســـەر ڕێ
هــەر ڕاگــوزەرێ جــۆرێ دڵــم دەشــکێنێ

(67)

مــاڵ تــین و تــەوژمی گــڕی تێبــەر دەدرا
لــەم ئــاگرەدا لێفــە حــەیای ســووک دەبــرا
پێشــینە گوتوویانــە چ پەنــدێکی چــاک:
کــەی ئــاگر و لۆکــە پێکــەوە دەبنــە بــرا؟!

(68)

هەر شەو لــە کــەناری خەفــەتێ وەردەکــەوم
چاوی بەخەوی بە خــەو مەگــەر بێتــە خــەوم
تەنهاییــە خانــەخوێی هەمیشــەی ڕووحــم
دڵتەنگییــە میــوانی درەنگــوەختی شــەوم

(69)

کۆبـانی ئەگـەر کـوردی بـە دنیـا ناسـاند

کەرکووک و لەدەس‌چوونی گەلێکی تاسـاند

ئـەمجارە ئیتـر نۆرەتـە شـاری عـەفرین

هاوشـانی ئـەتۆ شـاڕەگی نەقشـەی ڕاسـاند

(70)

هەر میللـەتێ یەکگرتـە بـێ زوو سـەردەکەوێ

هەرچەنـدە لـە چـوار لاوە نـەیار لێـی بنـەوێ

ئـەم ماڵـە بـڵاو و خاکەکـەی لەت‌لەتـە چـون

کورد دوژمنەکانی زۆر لە خۆی خۆشـتر ئـەوێ

(71)

سـەرما لەشـی بـێ تینـی دەهێنـا وێـکدا
بوولەرزە هـەموو خـەون و خـەیاڵی لێـک دا
ئـەو زەردەخەنـە و تیلەنیگایـەی ژیـن بـوو
مـابۆوە لـەبن خـانووە ڕووخاوێـکدا ...

(72)

سەرما لەشی توند ڕێک دەگوشی و تـەنیا بـوو
ئـاوارەترین مرۆڤـی ڕووی دنیـا بـوو
بارانـە هەراسـی ڕەشـی پـێ هـەڵهێنا
بوولەرزە شەوێک خـەون و خـەوی لێکدابوو

(73)

هەر ڕۆژێ دەبوو بەر لە هەتاو هەستێ لە خـەو
کاتێـــک دەگـــەڕاوە مـــاڵێ داهـــاتبوو شـــەو
دووپاتەوە بوون بـە نـاوی "کـار" تـاکوو کـەی؟
ئـاخۆ ئەمـە ژینـە یـا فشـە و گاڵتـە بـە ئـەو؟

(74)

بـۆ جـوانی بـژی، ڕژد و نەگەیشـتوو مـەمرە
دڵ کانییـــە بـــەو چاوەیـــەوە دەس مـــەگرە
گەر بەند نـەبێ گیانـت بـە دڵێـک، مـرداری
دەسـتت لـە دڵـت بێتـەوە؛ ڕووحـت نـەمرە

(75)

تــــەنیا و بەتــــەنیا و بەتــــەنیا عــــەفرین
مــابۆوە لــە ســووچی نەقشــەیەکدا عــەفرین
هــاواری "ئــەمن هــەم" لــە هەناســەی هەســتا
هەستێنێ لە خـەو تـا هـەموو دنیـا عـەفرین

(76)

هــەنگاوی بــەپێی هەناســـە بــوو تــەنهایی
دەســـتی ســـڕی بـــۆ پیاســـە بـــوو تـــەنهایی
تاریــک و دزێــو پێبــەپێ بەدوامــەوە هــەر؛
ئــەو ســێبەرە کەسنەناســە بــوو تــەنهایی!

**(77)**

**بۆ شەهید بارین کۆبانی:**

لـــەم شـــێعرەوە نـــاڕێکم و تـــەنیا و بێـــدەنگ

لـــەم دێـــڕەوە تـــاریکم و تـــەنیا و بێـــدەنگ

کۆبانی دەڵێی کـەوتووە یـا جەسـتەی تـۆ⬇

شـــێواوە کـــە وێـــرانم و تـــەنیا و بێـــدەنگ!

**(78)**

**بۆ شەهید بارین کۆبانی:**

دێـــڕم شـــەل و شـــێواوە دەزانـــی بـــۆ چـــی؟

ڕووحـــم ڕەش و ڕووخـــاوە دەزانـــی بـــۆ چـــی؟

شـــاعیرم و دەڵـــێن ئـــەو کچـــە کۆبـــانی بـــوو

شێعرێک لەشـی پـڕژاوە، دەزانـی بـۆ چـی ؟

(79)

پێیـــدا وەرەوە بـــە ئـــەلفوبێی بـــوونی خـــۆت
لێڵاوییـــــە چـــاوەی دڵـــی نـــاڕوونی خـــۆت
بـــێ ڕادە بنـــێ پـــڕ بـــە دەمـــت گـــووی زیـــادی
وەختایـــەکی شـــۆردووتەتەوە قـــوونی خـــۆت

(80)

وەک تیڤیـــی و مـــایکێ چەنـــەوەر دەیگوتـــەوە
وەک وانەیـــەکی بـــێ ســـەروبەر دەیگوتـــەوە
وا دیـــار بـــوو لـــەناو دوێنەکـــەدا ماوەتـــەوە؛
هەر دەیگوت و هەر دەیگوت و هەر دەیگوتەوە!

(81)

یــا زۆربڵــە بــوو یــا چەنــەوەر؛ دەیگوتــەوە
وەک دەمشرێ زۆر بێ سەروبەر دەیگوتــەوە
بارانــە بــە گــوێی ئــەم گوڵــەدا چــی چرپانــد؟
وا چۆلەکەیەک دەیگوت و هــەر دەیگوتــەوە!

(82)

ئــەو خەونــە کــە ئــاڵۆز و پەرێشــانە مــنم
ئــەو ماڵــە کــە چــۆڵ و گــەلێ وێرانــە مــنم
ئــەو شــارە تــژی شــێعر و شــەرابە هــەر تــۆی
ئــەو ڕێگــە کــە ناڕواتــەوە بــۆ بانــە مــنم

(83)

عومرێکە بەدەست سیاهی گەردوون پەندی
هەر تێ فکرای کەچی لە هیچا بەندی
زۆر گەوهەری بیری بەرز و شازت ڕانا
نەیگوت کەسێ: خاڵۆ! کەرت ئاخۆ چەندی!؟

(84)

بەینێک بوو بەدەس مەرگەوە زیندانی بوو
بێ ماڵ و مناڵ، کۆی خەم و وێرانی بوو
پاش بوولەرە یەک شەو سەری ئارامی نەگرت
باران و بەفر، گشت ژەمێ، میوانی بوو!

(85)

زۆر تــێ فکریــوم و کــەمم لــێ زانــی
ئاکــــامی کڕوکاشــــــمە ســــەرگەردانی
کوڵیومــە ئەوەنــدە بیــری قــووڵ و نارێــک
دەرنایەمــــەوە بــــە بێخــــەمی و ئاســــانی

(86)

دانیشــتبوو لــەناو حوجرەکــەیا زۆر خــەمبار
دووپــاتی دەکــردەوە لــەبن لێــو جارجــار
باشــتر نــەبوو میزانــی ئــەدەب بشــکێنم؟
زۆرم وت و کەس تێنەگەیی حەیف و جەخار

(87)

وێک دێتەوە ئـەم ژینـە لـە دوو جەمسـەردا
ئــەم هــاتوچووە، هاتونــەهاتی بــەر دا
هـەر پاتـە لەسـەر پاتـە لەسـەر پاتەیـە هـەر
ئەســرین و بــزەی تاڵــە لــە خۆشــی و دەردا

(88)

خــەییامی لــەناو مێشــک و دڵا گووڕابــوو
بــارانی لــەناو خــەون و خەیاڵــدا ڕوابــوو
دنیــا دەمــێ نــەیڕوانی لــە بــاڵای هەرچەنــد
تەنیاییەکــەی بــەڵام بــە قــەد دنیــا بــوو

(89)

بـێ شـێعر و بـەبێ تـۆ هەڵـەیێکی ڕووتـم
بـێ شـێعر و بـەبێ تـۆ هەڵـەیێکی ڕووتـم
بـێ شـێعر و بـەبێ تـۆ هەڵـەیێکی ڕووتـم
بـێ شـێعر و بـەبێ تـۆ هەڵـەیێکی ڕووتـم

(90)

کینـــە و ڕک و خۆویســـتی گـــەرایان پڕژانـــد
تـۆوی شـەڕ و دوشـمنی و سـتەمیان داچانـد
هـەر خـوێنی خەیانـەت لـە دەمـارا دەگـەڕا
ڕیشـــەی بنەماڵـــەیان لـــەبن هەڵقرتانـــد

**(91)**

گەر سووچ و کەلێن، بنار و دەشتی بگەڕێم
دۆڵ و دەرە، دۆزەخ و بەهەشتی بگەڕێم
نەقشەی لەشی تۆ هێندە بە چاو تازەیە بۆم
پێم خۆشە کە دیسانەکە گشتی بگەڕێم

**(92)**

نەقشەی لەشی تۆ گەرچی ژیاوم زۆرجار
گشت شوێنیم هەموو دیوە بە چاوم زۆرجار
پێم خۆشە لە نوێ سەرلەبەری هەڵدەمەوە
تۆمەز بە هەموویدا نەگەڕاوم زۆرجار

**(93)**

لەم نەقشەیەدا چەن کڕ و مات مامـەوە هـەر

ئاوارەیــەکی بێکــەس و لات مامــەوە هــەر

نــەکرا کــە دەمــێ لێــرە بــە ئــازادی بــژیم

کــوردێکی بــەبێ نــاو و وڵات مامــەوە هــەر

**(94)**

بێـدەنگ و هـەرا لـە سـووچێ هـەڵکوڕماوم

بــێ ناوونیشــان لــەم گەمــەدا تــێ مــاوم

با خاوەنی نەقشــەی لەشــی تــۆ بــم چ دەبــێ

مــن کــوردم و بــێ مــاف و وڵات و نــاوم

(95)

لــەم بێشــەیەدا هــیچ شــەوێ مــۆمم نــەبووە
یـــان مـــافی زمـــان و هـــاتوچۆمم نـــەبووە
نـــــاوم بنــــێ نیشــــــتمان و دەورەم بگـــــرە
من کوردم و قەت سـنووری خـۆمم نـەبووە

(96)

شـــەو هـــات و لـــەپڕ کشـــا بەســـەر دینمـــدا
دواســــــکڵی کوژانــــــدەوە لـــــە ڕوانینمـــــدا
غوربەت بە هـەموو شـتێکم هێنـای دوایـی
خاڵێــک بــوو لــە کۆتــایی دەقــی ژینمــدا

**(97)**

پێم خۆش بوو هەر ئێستاکە گوڵم لێرە ببێ
بارانی پەڵەی ئەم دڵە بێ خێرە ببێ
چوار دەوری بە دیوارە دەروون بێ جوانی
سەد خۆزگە لەبۆی دەروەچ و پەنجێرە ببێ

**(98)**

تا تۆی نەبێ شێواو و پەشێوە دڵی تەنگ
ئێوارە گەرووی دەگوشێ مەراقێکی مەنگ
تەنیایی هەتاکوو کۆچ و باری لێ نێ
قاقا لەگەڵم پێ بکەنە کیژی شەنگ

(99)

تــا تــۆی نــەبێ دامــاو و دەبەنگــە دڵــی زار
ئێـــوارە دەشــــێلێ بـــانی گیـــانی، ئـــازار
بێــزاری هــەتا پــێ لــە بــەرەی هەڵکێشــێ
جارجــارە لــەڕووی نــازەوە بمدوێنــە بــە زار

(100)

مـــردن وەرە بـــۆ مـــاڵی نـــەمانم بـــەرەوە
ئــەم دەرد و کوڵوکۆیــە لــە کــۆڵم کــەرەوە
تا کەنگێ غەمی نان و حـەیا، حەسـرەتی دڵ
ئەو خەندە کە کوشتوویەتی ژین پێم دەرەوە

(101)

مـــەرگم کـــە لـــە تـــانوپۆی ژیـــان ئـــاڵاوە
دەردم کـــە بـــە دەم دەمێکـــەوە دامـــاوە
ئەو گاڵتە دووپاتەم کە خـودا ڕێکـی خسـت
ئـــەو یارییـــە عـــومرمم لەســـەر دانـــاوە

(102)

ڕووشابوو دڵ و ڕووح و هەموو هەستی ئـەو
هەرگیز دەرەقەت مێردی نەهات دەستی ئـەو
هێشتاش قسەیان لەبۆ گـوتن زۆر پـێ بـوو؛
ئەو جێ ڕەش و شینانە لەسـەر پێسـتی ئـەو

(103)

مەرگم کە ژیان لە دەست و پێی ئاڵاوە
کۆچم کە فڕین بە دەسیەوە داماوە
شینم کە بە شادی وە شەوارە دەکەوێ
شێعرم کە شەڕاب شووشەسەری باداوە

(104)

داخم کە بە کوچکەوە دڵ و جەرگی نرا
ئاخم کە لەگەڵ خەمێک بەدەم باوە درا
زارم کە بە هەر زارێ دەزووریێتەوە هەر
قارم کە بە هیچ بارێ بە خۆم نابمە برا

(105)

چرکـە چییـە؟ دووپـاتێ لـە ئێسـتا و دوێنـێ
ئـــەمرازە مـــرۆڤ و دڵـــێ نـــاکورکێنێ
تا کات و مرۆ وەها لەبـەر چـاو سـووک بـن
ئـەم جەزرەبـە پووشـێکی وشـک نـاهێنێ

(106)

چوار دەوری تـەواو ئـەو شـەوە لـێ گیرابـوو
تینـوو و بـە تـەنێ لـە سـەنگەرێکدا مـابوو
خولیایـەکی چەنـدە خۆشـی ئـەی ئـازادی!
وا گیـــان و ژیـــانی خـــۆی لـــەپێناو نـــابوو

(107)

ئەم شێعرە دەبوو دوور لە گەمە و کایە ببێـت
هاوشـــانی ئەشــق، تــاق و گرانمایــە ببێــت
دیــتم قەڵــەم و زمــان دەرۆســتی نایــەن؛
با ناوی ئەتۆ هـەروەکوو خـۆی "دایـە" ببێـت

(108)

تا داعەش هـەبوو ئـەو شـەڕەیان پـێ کـردی
داعەش کە تـەواو بـوو بـە چ دەردیـان بـردی
کورد بۆ شەڕ و شەڕ بۆ چەک و چەک بۆ پارە
لـەم ناوچـە بکـوژرێی و بکـووژی مـەردی

(109)

بتکووژێ برای دینی لەڕێی خـوا چ دەکـەی؟
بێ دەوڵەت و بێ ماف و بەتـەنیا چ دەکـەی؟
تۆمــەز کــە بپــارێزی بــە خوێنــت دنیــا
دنیــا کــە دژت بێتــەوە ئەوســا چ دەکـەی؟

(110)

ئـەو، تۆیـەکی ئـەوتۆی لـە ژیانـدا ون بـوو
خــەونێکی چ ئاشــنای لــە ژانــدا ون بــوو
تــا ناســی کەســێکی لــە زمانــدا ونبــوو!
سەد خۆمی وەکوو خۆی لە زەمانـدا ون بـوو

**(111)**

ئەم کوردە برا و بابی کەسی کوشتووە یا ...
گەردوونە کە ڕێی گەیشتنی لێ بەستووە یا ...
تەنیایی ئەرێ شیری غەمی پێ داوە،
تاوانی "قەڵای دمدم"ی هەڵگرتووە یا؟

**(112)**

لێوم بە پزووی دوورییە دووراوەتەوە
یادت لە بنی قوژبنی ژین ماوەتەوە
وەک پەیکەرێ بێدەنگم و هەر شەو لە سەرم
بێدەنگی چ ئاژاوەیەکی ناوەتەوە

(113)

ڕابــوێرە بــە سەرشــێتی بــەبێ ڕامیــاری
چــت داوە لــە بێعــاری مەگــەر بێکــاری
ئــەم ژینــە وەکــوو بایەکــە دێــت و دەڕوا
خۆت فـش مەکـەوە هێنـدە، چمـا ناچـاری؟

(114)

هـەر تـۆی لـە خـەونما کـە دەبەسـتم چـاوم
پێڵـووم کـە هـەڵێنم بـە نیگـات خـەمڵاوم
دەرفەت بدە تاوێک بەتـەنێ بـم تـەک خـۆم
وەک دوڕگە لە چـوار ڕۆخـەوە دەورەت داوم

(115)

بیکێڵـە تـەوێڵم خـەتی ورد و خۆشـە شـۆی
ئـەم چارەیـە نووسـیوتە بەڵایـە بۆخـۆی
چین کەوتە سەرووی چین و گرێت دا ژیـنم
پیـر بـووم؛ بەسـەرمدا مەیـە بـۆ لاوە دەڕۆی

(116)

دەیگوت کە ژیان هەوڵ و هومێدە و گڕوگاڵ
داهاتوو لەسەر دەستی ئەوینـە و ژن و مـاڵ
ئێسـتاکە لەبـەر ڕێـزی ژیـان دایمـە دەڵـێ:
وا دیـارە لەباربردنەکـەی چـاترە منـاڵ

**(117)**

عومرێکە خەریکم بە فکر چێ کردن
لەم ڕێگەیەدا ماڵ و دڵم کردووە ون
باشتر نییە ئەمرازی تری پێ ساز کەم
ئەم ئاسنی شێعرانە کە دەیکوتمەوە من؟

**(118)**

زێوانی ئەتۆ بۆ تەمەنی مات و کڕت
هەروەک یەکە دوێنێت و سبەی سارد و سڕت
ئێژی لە دووپات بوونەوە هەڵکێشراون
گشت ڕۆژ و شەوی ژینی بەبێ تین و گوڕت

# بەشی دووهەم:

# وەرگێڕان

(1)

تۆمـەز بـە تـەزی ئەشـقەوە، شـەو، تاسـاوی
سەرباشـــقەی ئاشـــقان ئـــەتۆی پێنـــاوی
کـەس باسـی ئـەوین و بوولـەرەی پـێ ناگـا
ساتێک وە خەبەر دێی کـە تـەواو ڕووخـاوی

#شەفیعی_کەدکەنی

(2)

دڵتەنگ نـەبوو دیتـی قـەدی نووشـتاوەتەوە
خوێناوییـــە گیـــانی، لکـــی شـــکیاوەتەوە
ئەو کاتە چزەی لە جـەرگی بەسـوێی هەسـتا
پێی زانی لە خۆی، هۆرەکـە لـێ کراوەتـەوە!

#میلاد_عیرفانپوور
#و_ئاران(بە دەسکارییەوە)

(3)

وێرانی دەسی مرۆڤە ئەم سەرزەوییە
ئەم خەڵکە لەبەر خۆیەتی هاتوهەوییە
بۆ ئەو کەسە دارتاشە نە تەختەڕێکخەر
لانکۆڵە لەگەڵ دارەتەرم فەرقی چییە؟

#میلاد_عیرفانپوور
#و_ئاران(بە دەسکارییەوە)

(4)

دڵ، ئەشقی درۆ و پڕ لە دەهۆی خۆش نەدەویست
بۆ ساتێ بەتەنیا خودی خۆی خۆش نەدەویست
هۆ هاوڕێ نزیکەکەی دەمی تەنیاییم
هیچکەس بەقەرا ئەمن، ئەتۆی خۆش نەدەویست!

#ئیرەج_زبەردەست

**(5)**

پرچت وەکوو دەریایە؛ لەبۆ بیستن خۆش
چاوت شەوی یەڵدایە لەبۆ نوستن خۆش
باڵات کە چنارە جوانە لێی بڕوانی
خۆت سێویی و تاهەتا لەبۆ گەستن خۆش!

#زەهیر_تەوەککولی

**(6)**

ئەمڕۆ کە سبەی نەیێ بەسەریا دەمرێ
هەر خەونێ هەتا نەبێ بە خولیا دەمرێ
من تامەزرۆی گەیشتنم هەر بۆیە دەڕۆم
چۆمێک کە نەگاتەوە بە دەریا دەمرێ

#جەلیل_سەفەربەیگی

(7)

هــەر ڕۆژێ بڵاوتــرین لــە دوێنــێ و پێــرێ
وا ڕۆیــی تەمــەنمان بــەبێ خێــر و بێــرێ
خــوێنین لــە خەیانــەتا خــراپ گــەوزاوین
گـۆڕین کـە چ کـەس، گـوڵی لـەبۆ نـانێرێ!

#ئومید_مێهدینەژاد
#و_ئاران(بە دەسکارییەوە)

(8)

شـــێعرێکی چ شـــیرینە کـــە بینیومانـــە
وەک نەخشــێ لەســەر گاشــەیێ کۆڵیومانــە
لێوی من و تۆ لەسەر یــەکن وەک دوو بــەیت
چوارێنەیــەکی جوانــە کــە نووســیومانە

#جەلیل_سەفەربەیگی

(9)

ئـــەو جوانـــە بـــە شـــانەی کـــە قـــژی داهێنـــا

بســـکی وەکـــوو مســـکی کـــە بـــە ڕوودا هێنـــا

تا دوور بــێ لــە چــاوی پیســی بڵــح و ناپــاک

ئـــــەم مـــــەکر و فڕوفێـــــڵ و گـــــزەی داهێنـــــا

#ئەبووسەعیدی_ئەبولخەیر

(10)

بۆ مانگ دەگەڕێن خەڵک و برۆی تۆمـە خـەیاڵ

ڕۆژوو دەگـــرن عالـــەم و مـــن پەرچـــەمی کـــاڵ

یـەک مانگـە کـە زۆر بـەرزە، بەودمـە و پیـرۆز

ڕووی تۆیە ئەویش دیارە لەناو مانگ‌گەلی سـاڵ

#واعیز_خوانساری

**(11)**

**زانیوتـە ئـەرێ ئـەو کەڵەشـێرەی سـەحەری**

**بۆچ قووقەیەتی؟ دەگێڕێ شین و چەمـەری؟**

**پێم وا بـوو بـەم ئاکـارە سـەرنجدارە دەڵێـت:**

**ڕابرد لە تەمـەن شـەوێک و تـۆ بێخەبـەری!**

**#ئەبووسەعیدی_ئەبولخەیر**

**(12)**

**ڕێبـــواری ئـــەوین ترســـی وەژێـــر پـــێ نـــاوە**

**گـــش گیـــان و ســـەر و مـــاڵی لـــە ڕێ دانـــاوە**

**تۆ هەستە وەڕێ کەوە و مەخۆ خەم چـی دی**

**ڕێ پێت دەڵێ: چۆن هەڵگری ئـەو هـەنگاوە**

**#عەتتاری_نەیشابووری**

(13)

بـــێ دینـــە، خودانەناســـە یـــاخۆ کـــافر
یـا دوژمنـــی خەڵکـــە یـا لـــەبن کـا ئـاگر
وا باشـــە کـــە خـــۆی بداتـــە دەس تـــەنیایی
ئینســانێ کـــە پێـی ناوەتــە چاخێــک دواتــر
#شەفیعی_کەدکەنی

(14)

ئـەم پارچەدڵـەی کـە پێـی دەڵـێن کۆبـانی
بەرهێرشـــی کۆمەڵێکـــە نائینســـانی
دڵتـەنگ مەبـە؛ ڕاگـرتن و پاراسـتنەکەی
بســپێرە بــە کیــژ و کــوڕی کوردســتانی
#ئیسماعیل_خۆیی

# بەشی سێهەم:

# دووبەیتی

(1)

شــنەی بــاڵات، شــەبەنگی جــوانی ڕەنگانــد
گەرای شەنگیت هــەموو گــەردوونی پڕژانــد
خـــوداش دەیزانـــی ئـــادەم چەنـــدە جســـنە!
کــە حــەووای بــۆ نیشــانەی بــوونی خولقانــد

(2)

دەروون، شـــیلەی ئـــەوینی تـــۆی مژیـــوە
هـــەناو، تیشـــکی بـــەتینی تـــۆی بژیـــوە
ئەگــەر ســـووکبارم و سەرمەســـتی خۆشـــی
بــە میــوەی خۆشەویســـتی گیــان گــەییوە

(3)

زەمـــان، زرمــەی دەهــۆڵێکی زل و بــۆش
جـەهان، مێشـکی مرۆڤێکـی بـەبێ هـۆش
ژیـــان، ئاڵقــــەدرامی پـــووچی تـــورکی
خوداش هەر بینـەرێکی دوور و سـەرخۆش!

(4)

وەرە و لادە پەچــەی ئــەم ڕەســم و دابــە
لـەنێو جوانـان، بـە سـۆزیش هـەر جـودا بـە
دڵــم تــەختێکی زۆر بــێ خــان و مانــە
لـــە مـــوڵکی مێهرەبانانـــدا، خـــودا بـــە

(5)

شـــكۆت بەخشـــی بـــە شـــێعری شـــادمانی
بـــە مـــەی مەســـتی و بـــە شـــاریش ئـــاوەدانی
لـــە هـــەر شـــتدا یەكـــەم نـــاوی بەتایبـــەت:
لـــە جوانیـــدا، لـــە جوانیـــدا، لـــە جـــوانی!

(6)

لـــە كـــەنگێوە خـــەریكی چـــوار و حـــەوتین
شـــەوی دینـــێ هـــەتا پارشـــێو نەخـــەوتین
مـــەلا بـــانگی دەدا: هەســـتن بـــەرەو نـــوێژ!
وەفریـــای دوو چپـــە و ماچێـــك نەكـــەوتین

(٧)

بەدەوریــــدا دڵــــم دنیــــا گــــەڕاوە
نــــەڕۆیی هــــەر لەبــــەر دەرگــــا گــــەڕاوە
کــــە جانتاکــــەی نــــەبرد و داگــــەڕاوە
تــــەزووی خۆشــــی بــــە گیانمــــدا گــــەڕاوە

(8)

لــــە عــــومرت زیــــاد ببــــێ مــــاوەی ژیــــانم
بــــە کــــەم بێ گیــــان بــــە دیــــاری تــــۆی نــــەزانم
بەســــەر مــــەرگا ببــــێ دابــــەش وجــــوودم
کــــە لێکــــدانیان لەبــــەر نــــاوت نــــەتوانم!

(9)

لـــــه ئاوێنـــــەی خەیاڵمـــــدا، دیــــاری
چ بێوێنـــەی، یـــەکی وێنـــەی هــــەزاری
تەنیوتـــە ڕایـــەڵ و پــۆی بیـــر و مێشـــکم
بـــە بەڵگـــە و بــاوەڕی ڕوونـــی بـــەهاری

(10)

بـــە دەنگـــت، گـــوێی گیـــانم ئـــاو دراوە
بـــە یـــادت، گشـــت ژیـــانم گـــۆش کـــراوە
کـــە بێـــدەنگم، ئـــەتۆ دەدوێـــی دەگـــەڵما
زمـــــانم هـــــەر بـــــە نـــــاوت پشـــــکواوە

(11)

هەتا کەی هەر بەیانیت باش گوڵی گەش
خەیاڵت ڕۆژ و شەو هەر پەرچەمی ڕەش
بڕۆ سندان لە تەپڵی ئەو سەرەت دا
هەموو ئازادییان سەند ئێمە بێبەش

(12)

وشەی شێعرم بە کۆمەڵ چەتری پێیە
دڵی گێژم بەبێ شوان چاوەڕێیە
سەرێک هەڵبێنە سەرگەردی نیگات بم
هەوای چاوت عەجایب گورگەزێیە!

(13)

نیگایـــان پـــڕ لـــە گـــورگی شـــێت و هـــارە

کـــونی دەمیـــان دەرووی دووپشـــک و مـــارە

چ گـــەرمن ئـــەو دەمانـــەی مـــاچ دەکـــەن دەم

چـــزووی تیژیـــان بـــەڵام تـــاڵتر لـــە ژارە

(14)

بـــە ســـەردا هـــات هـــەڵیبواردم لەســـەر ڕێـــی

بـــە ســـەر چـــووم و دڵـــم دانـــا لەبـــەر پێـــی

نیامـــە مســـتی ســـێ بـــەردەی هـــەبوونم

بـــە نابـــەدڵیش بـــووە گـــەر پـــێ بنـــێ لێـــی

(15)

نەهات و ئاوی پێم داهات لەسەر ڕێی
بە سەر چووم و دڵم دانا لەبەر پێی
چ بێ دین و بە ئایینە نیگارم
لە کوشتەی جارێ ناپرسێ ئەتۆ کێی؟

(16)

خودا لێت خۆش نەبێ ئەی یاری دێرین
دڵت پڕ کردووم وا لە ڕک و کین
ئەمن ئاو بووم ئەمن باران و دەریا
نە خشت و دار و بەردی شوورەکەی چین!

(17)

ئەوەی دیتم بەڵای زۆر لابەلا بوو
لەگەڵما پێکەنین هەر لووتەلا بوو
بە هەڵکەوت تووشی خۆشی بووم لە ڕێیەک
لە بەختی ڕەش ئەویشم لێ کلا بوو

(18)

لە یاریی گەورەکانا دەرکراوم
بە دەستی زۆر لە خاکم هەڵبڕاوم
سنوور سێدارەیە بۆ بەژنی بەرزم
بە حوکمی خاچ لە چوار لاوە بڕاوم

**(19)**

**دڵ ئاو دەخواتەوە لەو چاوی کاڵت**
**هەڵم دەگرێ بەرەو جێژوان خەیاڵت**
**نموونەی نوێی ئەلفبێ دادەڕێژن**
**لە تەختی سینە: میم و کاف و خاڵت**

**(20)**

**وەشارتووی خەزنەکەی وێرانەمی تۆ**
**وەدیهاتووی خەوی کوردانەمی تۆ**
**بواردووی دەستەکەی سارد و سڕت من**
**هەناردووی سازدەری ئەفسانەمی تۆ**

**(21)**

کوڵاتـــووی نـــاو دەروونـــی پــڕ گـــڕم تـــۆ
هـــەڵاتووی دەرکـــی چـــۆڵ و قـــاقڕم تـــۆ
بزربـــووی ئاســـمانی مەیلەکـــەی مـــن
هـــەتاوی هەســـتەکەی خەســـت و چـــڕم تـــۆ

**(22)**

زەمـــان وەســـتا بـــە کـــاتی دەرد و مـــەرگم
زەمـــین لـــەرزی لـــە زەردی ڕەنـــگ و بـــەرگم
لـــەتاوم ئاســـمان هـــەر شـــینی گێـــڕا
دڵـــی تـــۆی پـــێ نـــەبزوا داخـــی جـــەرگم

(23)

دڵ ئاو دەخواتەوە لەو چاوە خۆشەت
دەبا هۆشم خەوی ئەو چاوە خۆشەت
لە سەیرانی سەرنجت سوور دەمێنم؛
نەخۆشت خستووم بەو چاوە خۆشەت

(24)

خەمێکی قووڵ لە ناخمدایە، دایە!
خەمێکی قورسی بێ ئۆقرە و هەدایە
نەبوو هاوشانی بێ؛ قافیە و ڕەدیفێک
شیعر بۆ دەربڕینی هەڵوەدایە

**(25)**

زەمان دەستی شکێ تـۆی دەستنیشـان کـرد

جـەهان وێـران ببـێ بـەو دەردە تـۆی بـرد

بـە خـوام ئەسـپاردبوو ئاگـای لـە تـۆ بـێ

مەرگ کوێر بێ کەوا ئێمـەی لـە یـەک کـرد

**(26)**

شـکاندت شووشـەکـەی شـەوقی ئـەوینم

ڕژانـــدت بادەکـــەی هەســـتی بـــەتینم

چلـــۆن مێـــژوو بەســـەرهاتم ببیســـتێ

لـە گـۆت خسـت گێـڕەوەی چیرۆکـی ژیـنم